# LIDA Stories

lidastories.net

## هاتن بۆ نەرویج / Venir en Norvège

✎ Aamiina
Julie Cornelia van Walsum
Dler Piran (ckb), Zina (fr)

This work is licensed under a Creative Commons Attribution 4.0 International License.
https://creativecommons.org/licenses/by/4.0

هاتن بۆ نەرویج

## Venir en Norvège

✎ Aamiina
Julie Cornelia van Walsum
Dler Piran
5
کوردی ckb / français fr

لە مانگی 12ی 2016 من و دوو براکەم هاتینە نەرویج. ئێمە جلوبەرگی هاوینمان پۆشیبوو چونکە وامانزانی لە نەرویجیش گەرمایە و وەک لە سۆماڵ وایە. هەرچۆنێک بێت، کاتێک گەیشتینە فڕۆکەخانە، بەفر دەباری. ئێمە سەرمامان بوو و کەشەکەش تەزی بوو. لەگەڵ ئەوەی چەند جانتایەکمان هێنابوو، ئەوان تەنها جلی هاوینمانیان تێدا بوو.

• • •

Mes deux frères et moi sommes venus en Norvège en décembre 2016. Nous portions des vêtements d’été parce que nous pensions qu’il ferait aussi chaud en Norvège qu’en Somalie. Seulement, lorsque nous sommes arrivés à l’aéroport, il neigeait. Nous avions froid, et la météo était glaciale. Même si nous avions ramené quelques valises, elles ne contenaient que des vêtements d’été.

هەرچەندە سارد بوو، من دڵخۆش بووم ئەو کاتەی هاتینە نەرویج. لەکۆتاییدا دووبارە دایکم دەبینم، کە بۆ شەش ساڵ نەمبینیبوو. دایکم و دوو لە هاوڕێکانی پێشوازیان لێکردین. کاتێک بینیمان لە خۆشیان گریاین. بەرەو ئەو شارۆچکە بچووکە لێمانخوڕی کە دایکم لێی دەژیا.

. . .

Même s’il faisait froid, j’étais très heureuse quand nous sommes venus en Norvège. Je pourrais enfin revoir ma maman, que je n’avais pas revu depuis six ans. Ma maman et deux de ses amies nous ont rencontrés. Quand nous l’avons vue, nous avons pleuré de joie. Nous sommes allés en voiture jusqu’à la petite ville où vit maman.

رۆژەکانی سەرەتا لە شارۆچکەکەی دایکم زۆر سەیر بوون. سارد و بەفراوی بوو و شتی زۆر نەبووتا ببینین. شەقامەکان بەتەواوی خاڵی بوون. ئەو خەڵکە کەمەی کە بینیم سارد وناحەز بوون. لە سۆماڵ لە هەموو شوێنێک خەڵکی لێبوو، بۆیە هەموو شتێک لێرە نائاشنا بوو. دایکم و هاوڕێکانی هەندێک دیاریان بە ئێمە دا، ئەوجا ئێمەی برد بۆ کڕینی جلوبەرگی زستان.

. . .

Les premiers jours dans la ville de maman étaient très étranges. Il faisait froid et il neigeait et il n’y avait pas grand chose à voir. Les rues étaient complètement vides. Les quelques personnes que j’avais rencontrées semblaient froides et antipathiques. En Somalie il y avait des gens partout, donc tout était inhabituel ici. Ma maman et ses amies nous ont offert des cadeaux, et après elle nous a emmenés acheter des vêtements d’hiver.



ئەگەر لە سۆماڵ بمایەتمەوە، پێموایەتا ئێستا دەبوومە دایک. لەوانەیەتا ئێستا چەند منداڵم هەبووایە. ئەگەر لە سۆماڵ بووماییە، هەمان ئەو هەلانەم نەدەبوو کە ئێستا هەمە. هەست دەکەم بە بەختم کە لە نەرویج دەژیم.

. . .

Si j’étais restée en Somalie, je pense que j’aurais été une mère à présent. Peut-être que j’aurais déjà beaucoup d’enfants. Si j’avais été en Somalie, je n’aurais pas eu les mêmes opportunités que j’ai maintenant. Je me sens chanceuse de vivre en Norvège.

ساڵی داهاتوو دەست دەکەم بە قوتابخانەی ناوەندی لە بەشی گەشەپێدانی تەندروستی و گەنجان. دەمەوێ لە داهاتوودا ببم بە کارمەندی کۆمەڵایەتی گەنجان. کاتێک خوێندنەکەم تەواوکرد خەونم ئەوەیە کارێکی بەردەوامم دەستکەوێت. هەروەها دەشمەوێت فێری شۆفێری ببم و مۆڵەتی شۆفێری وەرگرم.

. . .

L’année prochaine je vais rentrer au lycée dans la section de la santé et du développement de la jeunesse. À l’avenir, je veux devenir travailleuse sociale. Quand j’aurai terminé mes études, mon rêve est d’avoir un travail permanent. Je veux aussi apprendre à conduire et avoir mon permis de conduire.



دوای پشووەکانی سەری ساڵ پەیوەندیم بە خولێکی زمانی نەرویجی کرد لە سەنتەرێکی پەروەردەیی پێگەیشتووان. من بۆ دوو ساڵ لەوێ خوێندم بەر لە چوون بۆ قوتابخانەیەکی ئاسایی. ئێستا من لە کۆتا ساڵم دام، وە کۆمەڵێک هاوڕێی نوێم پەیدا کردووە. من زۆر کۆمەڵایەتیم و چێژ دەبینم لە ناسینی خەڵکی تر.

. . .

Après les vacances de Noël, j’ai commencé une formation de Norvégien au centre d’éducation pour adultes. J’y ai étudié pendant deux ans avant de commencer dans une école normale. Je suis maintenant en dernière année, et je me suis fait plein de nouveaux amis. Je suis très sociable et j’aime rencontrer de nouvelles personnes.

دوای قوتابخانە دەچمە ناوەندێک کە لەلایەن خۆبەخشانەوە بەڕێوەدەچێ کە لەوێ یارمەتی وەردەگرم بۆ ئەرکی ماڵەوەم. هەروەها پەیوەندیم بە خولێکی دروومانیشەوە کردووە لەناوەندەکە.

• • •

Après les cours, je vais dans un centre tenu par des volontaires où je me fais aider pour mes devoirs. Je me suis aussi inscrite dans des cours de couture dans ce centre.



لە سۆماڵ هەرگیز نەچووم بۆ قوتابخانە و هیچ خولێکم نەبینیوە جگە لە قوتابخانەی قورئانی. نەمدەزانی چۆن بخوێنمەوە یان بنووسم. ئێستا فێربووم چۆن بنووسم بە هەردوو زمانی سۆماڵی و نەرویجی، لەگەڵ چەندین بابەتی تر. بەبێ خوێندن هەستم دەکرد کە من هیچ کەسێک نیم. ئێستا هەست دەکەم کە زانیاریم هەیە و دڵخۆشم.

• • •

En Somalie je n’étais jamais allée à l’école et je n’ai jamais suivi de formations, sauf pour l’école Coranique. Je ne savais ni lire ni écrire. Maintenant j’ai appris à écrire à la fois en Somali et en Norvégien, et plein d’autres matières. Sans éducation, j’avais l’impression d’être personne. Maintenant je me sens instruite et heureuse.